## کلینیکی پزیشکی ئاژەڵان کە لەلایەن ژنانەوە بەڕێوەدەبرێت هاوسۆزی بەرامبەر ئاژەڵان بڵاودەکاتەوە

## ئەم پزیشکی ڤێتێرنەرییە بناسە



*دکتۆر سانا سەلیم محەمەد تاکە کلینیکی ڤێتێرنەری لە دهۆک بەڕێوەدەبات و لە شوێنێکی سەلامەت چارەسەر و پەناگە بۆ ئاژەڵە ماڵییە نەخۆشەکان دابیندەکات تا بتوانن چاکببنەوە. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق ٢٠٢٤ / ئەنجێلا وێلز*

**دهۆک، عێراق** – یەکێک لە یادەوەرییە سەرەتاییەکانی دکتۆر سەنا سەلیم محەمەد لە کێڵگەی خێزانەکەیدایە کە تێیدا سەیری دایکی کردووە کە بە سۆزەوە چاودێری ئەو مانگایانە دەکات کە لەلایەن خێزانەکەیەوە بەخێو دەکرێن. بیری دێتەوە کە دایکی هەموو شەوێک لە تەنیشت گامێشەکان دەخەوت و بە پەرۆشەوە دەیانشۆرد و لە کاتی منداڵبووندا مەساجیانی بۆ دەکردن.

ئەو بیری دێتەوە و دەڵێت، "دایکم هەمیشە بە خۆشەویستییەکی زۆرەوە گرنگی بە مانگاکانمان دەدا. مانگاکانی تری گوندەکەمان هەمیشە نەخۆش دەکەوتن بەڵام مانگاکانی ئێمە تەندروست بوون بەهۆی چۆنییەتی مامەڵەمان لەگەڵیاندا. من لێی فێربووم کە ئاژەڵەکانیش زمانی خۆشەویستییان هەیە."

دکتۆر سانا کاتێک دەچێتە قۆناغی کۆتایی ئامادەیی، دەیزانی دەیەوێت ژیانی پیشەیی خۆی بۆ یارمەتیدانی ئاژەڵان تەرخان بکات. لە زانکۆکەی خۆی لە بەشی کشتوکاڵ ناوی خۆی تۆمار کرد، بەڵام دواتر گۆڕی بۆ بەشی زانستی ڤێتێرنەری.

دکتۆر سەنا دەڵێت، "زۆر حەزم لەم بوارە بوو، بەڵام زۆر قورس بوو، بەو پێیەی کەس لە دەوروبەرم نەبوو کە ئەزموونی لەو شێوەیەی هەبێت. گرنگیم بەوە نەدەدا کە چەند کات دەخایەنێت بۆ تەواوکردنی خوێندن؛ دەمزانی ڕۆژێک کلینیکی تایبەت بە خۆم دەکەمەوە کە خەڵک دەتوانن ئاژەڵەکانیان بهێنن بۆ چارەسەری تایبەت."

شەش ساڵ دوای تەواوکردنی خوێندن، ئەو ڕۆژە هات و دکتۆر سانا یەکەم دامەزراوەی خۆی کردەوە - دوکانێکی بچووک لە دهۆک کە خواردنی ئاژەڵە ماڵیەکان و دەرمانی دەفرۆشت. بەڵام نەبوونی خزمەتگوزاری ڤێتێرنەری لە ناوچەکەدا بەو مانایە بوو کە کڕیارەکان داوای لێدەکەن لە دوکانەکەیدا چارەسەری ئاژەڵە ماڵییەکانیانیش بکات.



*ئێستا کلینیکی ڤێتێرنەری دکتۆر سانا گەشتێکی شەوانە بۆ ئەو ئاژەڵە ماڵییانە پێشکەش دەکات کە لە نەخۆشییەکان چاک دەبنەوە. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق / ئەنجێلا وێڵز*

دکتۆر سانا بە هەموو توانایەوە هەوڵیدا لە شوێنێکی دابڕاوی بچوکدا لە پشت دوکانەکەیەوە چارسەری ئاژەڵەکان بکات، بەڵام هەر زوو قەرەباڵغ بوو. دوو ساڵ لەمەوبەر، دکتۆر سەنا گوێی لە دەرفەتێک بوو بۆ خاوەن کارەکان بۆ وەرگرتنی پارەی-دەستپێک لە سندوقی پەرەپێدانی پرۆژەکانی (EDF) ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ(IOM) .

دوای دەستەبەرکردنی یارمەتییەکانی EDF و زیادکردنی پاشەکەوتەکانی، کارەکەی لە دوکانە ٣٠ مەتر چوارگۆشەکە گواستەوە بۆ کلینیکێکی ٣٠٠ مەتر چوارگۆشە. ئامێری کەرەوزکردن و ئامێری شۆردنی ئاژەڵە ماڵیەکان و مۆبیلیاتی کڕی، فەزاکەی نۆژەنکردەوە بۆ زیادکردنی ژووری زیاتر بۆ دابڕان و چارسەرکردن.

ئەو پێمان دەڵێت، "ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ پشتگیری کردم، بەڵام ئەوەی زۆر پێم خۆش بوو ئەو پاڵنەرە بوو کە لە ڕێگەی ڕاهێنەرایەتی و ڕاهێنان و بەدواداچوونەوە وەرمگرت."



*هاڤین وەک یاریدەدەری پزیشکی ڤێتێرنەری لە دەرمانخانەی کلینیکەکەدا کاردەکات. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق ٢٠٢٤/ ئەنجێلا وێڵز*

ئێستا دکتۆر سانا ١٢ ژنی دامەزراندووە بۆ ئەوەی یارمەتیی بدەن لە بەڕێوەبردنی کلینیکەکە. تیمەکەی چوار پزیشکی ڤێتێرنەری لەخۆدەگرێت کە چارسەر و کوتان و چاکسازی ئاژەڵان دەکەن؛ چوار ستاف کە خزمەتگوزاری ڕازاندنەوەی ئاژەڵ پێشکەش دەکەن و دەرمان و خۆراک و بەرهەمی دیکە دەفرۆشن؛ و چوار کرێکار بە مووچەی ڕۆژانە.

لە دوای کردنەوەی دەرگای کلینیکەکەی لە مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣، سانا بینیویەتی خواست لەسەر خزمەتگوزارییەکانی بەرزبووەتەوە. لە چوار مانگی یەکەمدا، کلینیکەکەی بە گشتی ٢٠٠ ئاژەڵی ماڵی چارسەر کردووە بەڵام لە مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٢٤ەوە، کلینیکەکە مانگانە نزیکەی ٢٠٠ ئاژەڵی ماڵی چارسەر کردووە.

ئاماژەی بەوەشکردووە، سەرەتا تەنها چوار کاتژمێر لە ڕۆژێکدا کراوە بووم، بەڵام بەردەوامبوون لەگەڵ ئەو هەموو داواکارییە قورس بوو. هەندێک ڕۆژ کە دەگەیشتمە کلینیکەکە، ڕیزێک خەڵک لەبەردەم دەرگاکەدا چاوەڕێیان دەکرد تا ببمبینن. لە کۆتاییدا زووتر دەستم بە کردنەوەی کرد و کارمەندی زیاترم دامەزراند." ئاماژەی بەوەشکرد کە ئێستا کلینیکەکە لە کاتژمێر ١٠ی بەیانی تا نیوەی شەو کراوەیە.

هێلان، کڕیارێکی ئاسایی کلینیکەکە دەڵێت، "ئەم کلینیکە تەنها خزمەتگوزاری پێشکەش ناکات. دکتۆر سانا بە هاوسۆزی و خۆشەویستی و ڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ ئاژەڵەکانم دەکات. هەروەها ستافەکەی ڕێنمایی و ئامۆژگاری پێشکەش دەکەن سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئاژەڵە ماڵییەکانمان."



*هێلان یەکێکە لە کڕیارە بەردەوامەکانی دکتۆر سەنا کە پشیلە و سەگەکەی دەهێنێت بۆ ئەو چاودێری هاوسۆزیەی کە کلینیکەکە پێشکەشی دەکات. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق ٢٠٢٤/ ئەنجێلا وێڵز*

بۆ دکتۆر سانا پەروەردەکردنی کۆمەڵگا سەبارەت بە چۆنیەتی گرنگیدان بە ئاژەڵە ماڵییەکانیان، یان ئەو ئاژەڵانەی کە لەسەر شەقامەکان دەیبینن، بەشێکی گرنگی کارەکانیەتی.

ستافەکەی ئەو منداڵان و دایک و باوکان فێر دەکەن کە چۆن چاودێری ئاژەڵە ماڵییەکانیان بکەن پێش ئەوەی پابەندبن بە بەخێوکردن؛ هەروەها کاردەکەن بۆ نەهێشتنی ئەو ئەفسانانەی کە دەتوانن ببنە هۆی زیانگەیاندن بە ئاژەڵەکان؛ و هۆشیارکردنەوەی خەڵک سەبارەت بە خۆپاراستن لە گواستنەوەی نەخۆشی و کوتان.

ئاماژەی بەوەشکرد، "زۆر کەس بێ ئاگان لە چۆنیەتی گرنگیدان بە ئاژەڵە ماڵیەکانیان. هەندێک جار کاتێک نەخۆش بوون ئاژەڵە ماڵیەکانیان فڕێ دەدەنە سەر شەقامەکان، چونکە نازانن چی بکەن، یان نازانن چەند جار خۆیان بشۆن یان پێویستیان بە کات هەیە لە دەرەوو." بەردەوام بوو و گوتی، "بۆیە لەگەڵ کڕیارەکانمان کات بەسەر دەبەین بۆ ئەوەی فێریان بکەین چۆن مامەڵە لەگەڵ ئاژەڵەکانیان بکەن. ئێستا خەڵکی زیاتر دێن بۆ وەرگرتنی ئامۆژگاریمان."



*دکتۆر سانا و ئەندامی تیمەکەی کوتانی پشیلەی کڕیارێک دەکەن. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق ٢٠٢٤/ ئەنجێلا وێڵز*

سەرکەوتنی دکتۆر سەنا زۆر کەسی، کە زۆر پشتیوانی نەبوون کە یەکەمجار دەستی بە کارەکەی کرد، تووشی سەرسوڕمان کردووە.

دکتۆر سەنا بیری دێتەوە و دەڵێت، "هەندێک کەس گومانیان هەبووە کە بتوانم شتێکی ئاوا گەورە بەڕێوەببەم. پێیان وتم هەڵەیە وەک ژنێک کلینیک بکەیتەوە، یان دەبێ پیاوێک لە پشت ئەو بازرگانییەوە هەبێت. هەندێکی تر پێیان وتم هەرگیز هیچ کڕیارێکم نابێت چونکە کەس گرنگی بە ئاژەڵ نادات."

"بەڵام هەمیشە دەمزانی کە سەرکەوتوو دەبم. تەنانەت ئەگەر نەمکردبا، ئەوا لانیکەم هۆشیاری کۆمەڵگام سەبارەت بە چارەسەرکردنی ئاژەڵەکان بەرز دەکردەوە."

دوکتور سانا هەرگیز زۆر گوێی لە ڕەخنەگرانی نەگرت و پشتی بە پشتیوانی خێزانەکەی و ئەو ڕاهێنەرانەی کە لە ڕێگای کردنەوەی کارەکەیدا ناسینی، بەست.

"براکەم بردمی بۆ هەولێر بۆ کڕینی پێداویستییەکان بۆ کۆکردنەوەی کلینیکەکە. لەوێدا، دابینکەرەکەمم ناسی کە ئامۆژگاری کردم و پاڵنەرێک بوو بۆ دەستپێکردن. ئێستا، من خاوەنی یەکەم کلینیکم لە هەرێمی کوردستانی عێراق کە هەموو ئەم خزمەتگوزاریانە لە یەک شوێندا پێشکەش بکەم. ئێستا خەڵک دەستم دێنە لام و داوای ئامۆژگاریم دەکەن."

دکتۆر سانا و تیمەکەی کە سەرجەمیان ژنن، کاریگەریەکی شەپۆلاوییان لە کۆمەڵگەکەدا دروست کرد، بەتایبەتی لەسەر ئەو ئاژەڵانەی کە پێویستیان بەو چاودێرییە نایابەیە کە پێشکەشی دەکات و ئەو کچە گەنجانەی کە هەمان خەونیان هەیە.

"کاتێک دەستم پێکرد، خەڵک پێیان وتم پێویستە پیاوان بەکرێ بگرم بۆ ئەوەی بتوانم ئەو کارە بکەم، بەڵام من گوتم، 'نا، تەنها بە ژنان کارەکەم سەرکەوتوو دەکەم.' من باوەڕم وایە لە خوێنماندایە هاوسۆزیمان هەبێت بەرامبەر بە ئاژەڵەکان. من ویستم بیسەلمێنم کە ژنان دەتوانن ببنە پزیشکی ڤێتێرنەری و کلینیکەکانی خۆیان بەڕێوەببەن."

" ئەو ڕۆکە کچێکی گەنجی پۆلی چوار هاتە ژوورەوە و پێی وتم کە دەیەوێت وەک من ببێتە پزیشکی ڤێتێرنەری کاتێک گەورە دەبێت. بۆیە، دەزانم کارەکەم کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا هەیە".

دکتۆر سانا لە ڕێگەی سندوقی پەرەپێدانی پرۆژەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بە پشتیوانی لە حکومەتی فینلاند پشتگیری وەرگرتووە.

ئەنجێلا وێڵز، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق